مافەکانی

ژن و مێرد

لە ئیسلام دا

چاپی چوارەم

ئامادەکردنی

نەوا محمد سعید

مافەکانی ژن و مێرد
لە ئیسلام دا

مافەکانی ژن‌و مێرد
لە ئیسلام دا

نەوا محمد سعید

چاپی چوارەم

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ
نوسینگەی تەفسیر

ناوی کتێب: مافەکانی ژن و مێرد لە ئیسلام دا
نوسەر: نەوا محمد سعید
بڵاوکردنەوەی نوسینگەی تەفسیر/ هەولێر
خەت: نەوزاد کۆیی
نەخشەسازی: عزالدین محمد عمر
بەرگ: أمین مخلص
ژمارەی چاپ: چوارەم
ساڵی چاپ: ١٤٣٢ك – ٢٠١١ز
تیراژ: ٣٠٠٠ دانە

لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی (٣٨٣) ی ساڵی ٢٠٠٦ دراوەتێ

تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوە و راگەیاندن
هەولێر- شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس
ت: ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٢٠٩٠٨- ٢٥١٨١٢٨
مۆبایل: ٢٢ ٥١ ٤٦٠ ٠٧٥٠ - ٩١ ٧٢ ١٢٨ ٠٧٧٠
tafseeroffice@yahoo.com
tafseeroffice@maktoob.com
altafseer@hotmail.com

پێشەکی چاپی چوارەم

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسول الله محمد وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان الى يوم الدين وبعد:

هاوسەریی پەیوەندیەکی پیرۆزی نێوان ژن و پیاوە کە ئیسلام چەند یاساو مافێکی چەسپاندوە بۆ بەردەوامی و بەختەوەری و ئاسودەیی و سۆزو خۆشەویستی نێوانیان.

هەروەها بۆ ئەوەی ئەو مافانەی، کە بەسەر یەکتریانەوە هەیە ببێتە کەتەلۆکی ژیانی ڕۆژانەیان، تا خۆیانی پێ پێوەر بکەن و ببێتە مایەی نەمانی کێشەو گرفتەکانیان. چونکە زۆر جار بەهۆی نەناسینی

مافەکانەوە خیلافات و گرفت دروست دەبێت، کە دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم بەختەوەریاندا.

ئەو مافانەی کە باس دەکرێن پێویستە هەریەك لە ژن و مێردی مسوڵمانی مولتەزیم و شوێنکەوتەی ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ لەسەر خۆی پیادە بکات و، لە خوای گەورە بترسێ لە بەجێنەهێنانی ئەم مافانە، کە خوای بەخشندە و پێغەمبەری ئازیز دیاریان کردووە.

لە خوای گەورە داواخوازم تەقوامان پێ ببەخشێ و لە دینەکەی شارەزاترمان بکات و بتوانین گشت یاساکانی پەیڕەو بکەین.

نەوا محمد سعید

١٧ ربيع الثاني ١٤٣٢

٢٠١١/٣/٢١

مافی ژن بەسەر مێردەکەی

دان هێنان بە مافەکانی ژن:

پێویستە لەسەر پیاوی مسوڵمان دان بە مافەکانی هاوسەرەکەی بهێنێ، کە مافی بەسەرەوە هەیە، مافەکەش خوای گەورە بڕیاری لەسەر داوە وەك دەفەرموێ: ﴿...وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ...﴾ (البقرة-٢٢٨). واتە: ئافرەتان حەق و مافیان بەسەر پیاواندا هەیە بە چاکەکردن، وەك چۆن لەسەریانە مافەکانی پیاو بە چاکەکردن بەجێ بهێنن. پێغەمبەری خواش ﷺ دەفەرموێ: ((ألاَ إنَّ لَكُمْ على

١- گـوزەران و ڕەفتـارکردن بەچـاکی: پێویسـتە پیـاوی مسـوڵمان لەگـەڵ هاوسـەرەکەی بـە باشـی گـوزەران بکـات و ڕەفتـاری جـوان بێـت لەگەڵیـدا, وەك خـوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿...وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ...﴾ (النساء-١٩)، واتـە بـە چـاکەو بـە باشـی گوزەرانیـان لەگەڵدا بکەن.

پێغەمبەریش ﷺ دەفـەرموێ: ((خَيْرُكُمْ, خَيْرُكُـمْ لأهلِهِ, وأنا خيرُكُمْ لأهْلـي)) رواه الطبراني (صحيح), واتــە: باشـترین کەسـتان ئـەو کەسـەیە, کـە لەگـەڵ هاوسەرەکەی باش بێ, منیش لـە هـەمووتان باشـترم بۆ هاوسەرەکەم.

کاتێـك ئیمـام عـەلی داخـوازی فـاطـیمەی کچـی پێغەمبەری کرد, پێغەمبەر ﷺ پێی فـەرموو: ((هي لك أن تحسن صحبتها)) رواه الطبراني (صحيح) واتـە: فـاطـیمە بـۆ تۆیـە, بەمـەرجێ بـە باشـی ڕەفتـاری

لەگەڵدا بکەیت. هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((أكمل المؤمنين ايماناً أحسنهم خلقاً, وخيارهم خيارهم لنسائِهِم)) رواه الترمذي وحسنه، واتە: کامڵ ترین بڕوای بڕوادار ئەوەیە, کە ڕەوشتی لە هەموان جوانتر بێ, باشترینیشیان ئەوانەن, کە لەگەڵ هاوسەرەکانیان ڕەفتاریان جوانە. هەروەها دەفەرموێ: ((ألا واستوصوا بالنّساء خيراً)) متفق عليه، واتە: ئامۆژگاریتان دەکەم لەگەڵ ئافرەتان بە باشی هەڵس‌و کەوت بکەن‌و بۆیان باش بن.

بە باش ڕەفتار کردن لەگەڵ خێزان بریتی یە لە قسە خۆشی‌و نەرم‌و نیانی‌و گاڵتە کردن لەگەڵی‌و ڕوخۆشی‌و پێکەنین, دیارە ئەمەش سیفەت‌و کاری پێغەمبەری خوا بووە لەگەڵ هاوسەرەکانی,کە پێویستە گشت مسوڵمانێکی مولتەزیم سیفەتی بەم شێوەیە بێت, کە پێغەمبەری خوا لەگەڵ خێزانەکانی پیادەی کردووە, ئەوەتا لە تەفسیری

(إبن كثير) ج١ ص٤٦٦ دا هاتووە, کە پێغەمبەری خوا (جميل العشرة, دائم البشر يداعب أهله ويتلطف بهم ويوسعهم نفقة, ويضاحك نساءه حتى أنه كان اذا صلى العشاء يدخل منزله يسمر مع أهله قليلاً قبل أن ينام, يؤانسهم بذلك ﷺ ، واتە: بە جوانی ڕەفتاری دەکرد, هەردەم ڕوخۆش بوو, گەمەو گاڵتەی لەگەڵ خێزانەکەی دەکردو نەرم‌و نیان بوو, خەرجی بۆ زیاد دەکردن, هەروا بە قسەی خۆش هاوسەرەکانی بە پێکەنین دەهێنان, هەرکە نوێژی خەوتنانی دەکزد, دەچووە ماڵێ‌و لەگەڵ هاوسەرەکەی کەمێك قسەی خۆشی دەکرد, جا پێغەمبەر بەم کردەوە جوانانە شادمانی دەکردن.) .

٢- پێویستە لەسەر پیاوی مسوڵمان بەچاوی ڕێزەوە سەیری هاوسەرەکەی بکات, نابێ قسەی ناشرین‌و جنێوی پێ بداتو نابێ لێی بدات, چونکە لێدان لە ئافرەت, خووڕەوشتی مسوڵمانی مولتەزیم نی یە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ((ولا تضرب الوجه ولا تقبح ولا تهجر إلاّ في البيت)) رواه أحمد وأبو داود حديث (حسن)، واتە: لە دەم‌و چاوی ئافرەت مەدەن‌و قسەی ناشرینی پێ مەڵێن. هەروەها دەفەرموێ: ((ولن يضرب خياركم)) أخرجه مالك واتە: باشترین پیاوتان ئەوەیە، کە لە هاوسەرەکەی نەدات, هەروا دەفەرموێ: ((ولا تضربوا إماء الله)) أخرجه أبو داود عن إياس بن عبدالله. واتە: لە ژنان مەدەن. خاتوو عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرموێ: ((ما ضرب رسول الله خادماً له ولا إمرأة)) أخرجه إبن ماجة في (سننه)، واتە: پێغەمبەری خوا, هەرگیز لە خزمەتکارو لە ئافرەتی نەداوە. جا کە پێغەمبەری خوا لە ئافرەتی نەدابێ, پێویستە لەسەر مسوڵمانان لە هاوسەرەکانیان نەدەن‌و کەسایەتی خۆیان لەدەست نەدەن, ئەو مسوڵمانەش کە بەڵگە بۆ خۆی دروست دەکات گوایە

٣- لەسەر پیاوی مسوڵمان پێویستە خواردن و خواردنەوەو پۆشاك وجل و بەرگ و خانوو لەسەر بنچینەی حەڵاڵ بۆ خێزانەكەی دابین بكات، بەبێ منەت كردن و بەچاودادانەوە. ((قال رجل من الصحابة يا رسول الله ما حق زوجة أحدنا عليه؟ قال: أن تطعمها إذا طعمت وتكسوها إذا إكتسيت...)) رواه أبو داودحديث (حسن)، واتە: یەكێك لە هاوەڵان گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا مافی خێزانی هەریەكێكمان بەسەرمانەوە چییە؟ پێغەمبەر

فەرمووی: خواردنی بۆ دابین بکەیت و پۆشتەی بکەیت. هەروەها پێغەمبەر خوا هانی مسوڵمانان دەدات, کە بژێوی خێزانەکەی بدات, چونکە بە خێرو صەدەقە بۆی دەنووسرێ, بۆیە دەفەرموێ: ((إذا أنفقَ الرجل على أهله نفقة يحتسبها فهي له صدقة)) متفق عليه، واتە: گەر پیاو بژێوی خێزانەکەی بدات لە پێناوی خوای گەورە, ئەوا بۆی بە خێرو صەدەقە دەنوسرێ.

کەواتە نابێ پیاو ڕەزیل و دەست قوچاو بێت.

٤- پێویستە لەسەر پیاوی مسوڵمان چاوپۆشی لە هەڵەو کەم و کورتی یەکانی هاوسەرەکەی بکات و تەحەمولی ناڕەزایی یەکانی بکات و لێ ی ببورێ, چونکە گەر حەزی بە هەندێ ڕەوشتی خێزانەکەی نەکرد, ئەوا هەندێ ڕەوشتی جوانی تری هەیە, کە پیاو ڕازی دەکا, وەك پێغەمبەری خوا دەفەرموێ:

((لا يفركْ مؤمن مؤمنة, إن كره منها خلقاً رضي منها آخر)) صحيح مسلم، ج٢، ص١٠٩١, واتە: پیاوی بڕوادار با ڕق‌وکینەی نەبێت بە ئافرەتی بڕوادار, گەر لە ڕەوشتی ڕازی نەبوو, ئەوا ڕەوشتێکی تری بە دڵەو ڕازی دەکات.

پێویستە پیاوی مسوڵمان ڕەچاوی دەرونی ئافرەت بکات, کە لە هەندێ حاڵەتدا دووچاری گرفت‌و نەخۆشی‌و لەبیرچوون دەبێت,وەك حاڵەتی بێ نوێژی (حيض), کە کاردەکاتە سەردڵ‌و دەرون‌و جەستەو تێك دانی میزاجی ئافرەت.

وێنەیەك لە چاوپۆشی: لە کتێبی (الاسلام والحياة الجنسية)ی دکتۆر محمود الشريف دا هاتووە: پیاوێك بە مەبەستی سکاڵاکردن لە دەنگ بەرزکردنەوەو دەم درێژی خێزانەکەی, چوو بۆ لای ئیمامی عومەر لە ماڵەکەیدا, جا کە گوێی لە خێزانەکەی ئیمامی عومەر بوو زمان درێژی دەکرد, کە ئەویش بێ

دەنگ بوو وەڵامی نەدەدایەوە. کابرا دەڕوات، ئیمامی عومەر بانگی دەکات‌و پێی دەڵێت: براکەم هیچ ئیشت هەبوو؟ گوتی: هاتوم سکاڵای خێزانەکەمت لەلا بکەم، بەڵام گوێم لە خێزانەکەت بوو، کە بە هەمان شێوە زمان درێژی دەکرد!! ئیمامی عومەر فەرموی: لەبەر چەند مافێك تەحەممولی قسەکانیم کردووە، کە بەسەرمەوەی هەیە: لەبەرئەوەی بۆتە چێشت لێنەرو بۆتە جل شۆر،بۆتە شیردەری منداڵەکەم، کە ئەمانە هیچی لەسەر نی یە بیکات، هەروەها داوێنم لە حەڕام دەپارێزێ. کەواتە براکەم تەحەممولی بکە.

٥- پێویستە لەسەر پیاوی مسوڵمان پارێزگاری لە شەرەف‌و ناموس‌و ئابڕوی خێزانەکەی بکات، نەهێڵێت سفور بێ‌و تێکەڵی پیاوی بێگانە بێت، نەهێڵێ تەوقە لەگەڵ پیاوی بێگانە بکات، ڕێگا نەدات لە فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر لابدات،

بـــەڵكو دەبـــێ جێبـــەجێی بكـــات, چـــونكە پیـــاو بەرپرسیارە لـە خێزانەكـەی، وەك پێغەمبـەری خـوا دەفـەرموێ: ((حتى يسأل الرجل عن أهـل بيتـه)) رواه النســائي وابــن حبــان, واتــە: پیــاو ســەبارەت بــە خێزانەكەی لێی دەپرسرێتەوە, هەروەها دەفەرموێ: ((الرجل راع في أهله وهو مسؤل عـن رعيتـه)) متفـق عليـه، واتــە: پیـاو بەرپرسـیارە لـە خێزانەكـەی‌وە بەرپرسیارە لە ماڵ‌و منداڵی.

كەواتــە دەبــێ پیــاوی مســوڵمان فــەرمان بــە خێزانەكــەی بكــات دینــی خــوا پیــادە بكــات‌و, پارێزگـاری لـە نوێـژەكان بكـات,وەكـو خـوای گـەورە دەفــەرموێ: ﴿وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱصْطَبِرْ عَلَيْهَا...﴾ (طه- ١٣٢), واتـە: فـەرمان بـە خێزانەكەت بكە بـە نوێژ كردن‌و, بەردەوام بە لەسەر ئـەم فەرمانـە, كـە لەكاتی خۆی ئەنجام بدرێت.

٦- پێویستە لەسەر پیاوی مسوڵمان مافی خێزانەکەی بدات لە شارەزابوون و فێربوونی دینی خواو لە سەر ئەم فێربوونە هانی بدات, جا ئەگەر خۆی نەیتوانی بەم کارە هەڵسێ, ئەوا دەبێ ڕێگە بە خێزانەکەی بدات بە ئامادە بوون لە کۆڕی شەرعی و فێر بوون لە مزگەوتەکان بە مەبەستی شارەزابوون لە دینی خوا, دیارە زانستی شەرعی فەرزە لەسەر پیاوو ژن، وەك پێغەمبەر دەفەرموێ: ((طلب العلم فريضة على كل مسلم)) رواه مسلم, سەبارەت بە ڕێگە نەگرتن دەفەرموێ: ((اذا استأذنت امرأة أحدكم الى المسجد فلا يمنعها)) أخرجه البخاري في صحيحه. واتە: گەر خێزانی هەریەکێك لە ئێوە ئیزنی خواست بۆ چوونە مزگەوت, با ڕێگەی لێ نەگرێت.هەروەها دەفەرموێ: ((لا تمنعوا اماء الله مساجد الله))، واتە: ڕێگە لە ئافرەتان مەگرن لە چوونیان بۆ مزگەوتەکان.

٧- پێویستە لەسەر پیاوی مسوڵمان ڕێگە بە هاوسەرەکەی بدات, سەردانی دایك و باوك و خزم و کەس و کارو دراوسێکانی بکات, چونکە سەردانی کردنیان لە ئیسلامدا بە واجب دانراوەو, مایەی بەدەستهێنانی بەهەشتە, پێغەمبەر دەفەرموێ: ((لا يدخل الجنّة قاطع)) رواه البخاري ومسلم، واتە: ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی بپچڕێنێ ناچێتە بەهەشت. جا پیاوی جوامێرو مسوڵمان ڕێگە بە خۆی نادات, هاوسەرەکەی تووشی گوناهی ئاوا گەورە ببێ.

٨- پێویستە لەسەر پیاوی مسوڵمان نهێنی و عەیب و کەم و کورتی هاوسەرەکەی بپۆشێ و, لای هیچ کەسێك باسی نەکات, بەتایبەتی نهێنی سەرجێیی, کە پێغەمبەری خوا ئەو جۆرە کەسانەی بە خراپترین کەس دناوە لە ڕۆژی قیامەت,وەك دەفەرموێ: ((إن من شرّ النّاس عند الله منزلةً يوم

القيامة الرجل يفضي امرأته وتفضي إليه ثـم ينشـرها))
رواه مسـلم، واتـه: خـراپترین كـەس لـە لای خـوای
گـەورە لـە ڕۆژی قیامـەت ئـەو پیاوەیـە, كـە نهێنـی
سـەرجێیی لەگـەڵ ژنەكـەیی‌و ئـافرەت لەگـەڵ
مێردەكەی لەناو خەڵكی بڵاودەكاتەوە.

٩- پێویسـتە لەسـەر پیـاوی مسـوڵمان وەك مـاف
بەسـەریەوە هەیـەووەك هاوبەشـی ژیـان ڕاوێـژ بـە
هاوسەرەكەی بكات, بەتایبەتی ئەو كارانەی تایبەتـە
بـە ژیانیـان, لـە جـوامێری پیاویشـە دان بەومافـە
دابنێت‌و كەسایەتی لە لای هاوسەرەكەی بـەرز بێت.
پێغەمبـەری خـوا ﷺ یـەكێك بـووە لـەو كەسـانەی
ڕاوێژی بەهاوسەری خـۆی كـردووە, ئـەوەبوو كاتێك
لە نووسینی (صلح الحديبية) بووەوە بە هاوەڵەكانی
فەرمووی: (قوربانیەكانتان سەربڕن‌و سەرتان بتاشن),
بەڵام هیچ كەسێك ئەم فەرمانەی جێبـەجێ نـەكرد,
جـا پێغەمبـەر چـووە لای (أم سـلمە)ی هاوسـەری‌و

ڕووداوەكەی بۆ گێڕایەوە, (أم سلمه) گوتی: تۆ لە پێش چاوی ئەواندا قوربانیەكەت سەرببڕەو سەرت بتاشە. پێغەمبەریش بە قسەی (أم سلمه)ی كرد, پاشان مسوڵمانەكان كە ئەمەیان بینی ئەوانیش هەستان قوربانیەكانیانی خۆیان سەربڕی و سەریان تاشی. ئەوەبوو ئەم ڕاوێژەی پێغەمبەر بە هاوسەرەكەی خێرێكی گەورەی بەدوا داهات.

بەڵام لەناو خەڵكی عەوام ئەوە باوە, كە دەڵێ: (پرس بەژن بكەو بە قسەی مەكە) , گوایە ئەمە فەرموودەی پێغەمبەرە (شاورهنّ وخالفوهنّ), ڕاستیەكەی ئەمە بە زمانی پێغەمبەر هەڵبەستراوەو (موضوع)ە و ڕاست نیە.

١٠- لە مافی ئافرەتە بەسەر مێردەكەی, ڕاستەوخۆ دوای نوێژی عیشا بگەڕێتەوەماڵەوە, نابێ شەوانە بە درەنگی بچێتەوە ماڵ و كات بەبێ سوود لە دەرەوەی ماڵ بەسەر ببات, چونكە درەنگ هاتنەوە

ماڵ, دڵە ڕاوکێ‌و چەندەها گومان بۆ خێزانەکەی دروست دەکات‌و هەراسانی دەکات, کە کار دەکاتە سەر دڵ‌و دەروونی. هەروەها دەبێ هەستی خێزانەکەی ڕابگرێ‌و فەرامۆشی نەکات. دیارە درەنگ گەڕانەوە بۆ ماڵ نیشانەی فەرامۆش کردنە, کە دەبێتە هۆی سستبوونی پەیوەندی خۆشەویستی ژن‌و مێرد. ئەوەتا پێغەمبەری خوا ناڕەزایی دەردەبڕێ بەرامبەر بە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر, کە شەوانە درەنگ دەچووە ماڵەوەو نەدەچووە لای خێزانەکەی, جا پێی فەرموو: ((ان لزوجك عليكَ حقاً)) متفق عليه، واتە: هاوسەرەکەت مافی بەسەرتەوە هەیە. لەو مافەش ئەوەیە, کە لەگەڵی جووت ببێ (بۆیە پێویستە لەسەر پیاو خێزانەکەی لە جووت بوون تێر بکات, وەك چۆن لەسەریەتی لە نان‌و خواردن تێری بکات) روضة المحبين، ص١٣٤-١٣٦.

كەواتــە نابــێ پیــاو ئــەم مافــە فــەرامۆش بكــات، چــونكە پێغەمبــەری خــوا زۆر نــاڕازی بــووە بــەو كەســـــانەی خۆیـــــان لـــــە هاوســـــەرەكانیان دوور خستۆتەوەو، لەگـەڵیان دا جـوت نـەبون بـە بیـانوی خۆ یەكلا كردنەوە بۆ عیبادەت.

١١- پێویســتە پیــاوی مســوڵمان خــۆی بــو هاوســەرەكەی جوان بكات‌و خۆی بۆن خۆش بكـات، ئـیبن عـەبباس دەڵـێ: (إني أحب أن أتزين للمرأة كما أحب أن تتـزين لي)، واتـە: حەزدەكـەم خـۆم بـۆ هاوسـەرەكەم جـوان بكـەم هـەروەك چـۆن حەزدەكـەم خـۆییم بـۆ جـوان بكات. هەروا نابێ خواردنی بۆن ناخۆشی‌وەك سیرو پیــازو كــەوەرو هاوشــێوەیان بخــوات، چــونكە بــۆنی ناخۆش دەبێتە هۆی دوركەوتنـەوەو بێزران.

١٢- پێویستە لەسەر پیاوی مسوڵمان گەر لە ژنێك زیاتر هاوسەری بوو، دادگەریان لە نێواندا جێبەجێ بكات،

• دادگەریش لە خواردن‌و خواردنەوەو جل‌و بەرگ‌و خانووو نۆرەمانەوە جێبەجێ دەكرێت, بەڵام لە خۆشەویستیدا دادگەری جێبەجێ ناكرێ, چونكە لەسەرووی‌ویستی مرۆڤە, تەنانەت پێغەمبەر نەیتوانیوە هەموو هاوسەرەكانی‌وەك یەك خۆش بووێت.

پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: ((من كانت له امرأتان فلم يعدل بينهما جاء يوم القيامة أحد شقيه ساقطاً أو مائلاً)) رواه أحمد وأبو داود وابن ماجه والنسائي, واتە هەر پیاوێك دوو ژنی هاوسەر بوو, دادگەری لە نێوانیان دا جێ بەجێ نەكات, ئەوا لە ڕۆژی قیامەت بەشانی خوارەوە دێتە پێش. شەوكانی شەرع ناس سەبارەت بەم فەرموودەیە دەڵێ: ((ئەمە بەڵگەیە لەسەر مەیل دان بەلای ژنێكی ترەوە لە لایەنی ئەوشتانەی, كە پیاو پێی دەكرێ ئەنجامی بدات‌وەكو

نۆرەمانـەوەو خـواردن‌و جـل‌و بـەرگ) نيـل الأوطـار للشوكاني، ج٦، ص٢١٦.

جـا گـەر پيـاو دادگـەری لـە نێـوان هاوسـەرەكانی جێبـەجێ نـەكرد، ئـەوا دەبێتـە پيـاوێكی ستەمكارو زاڵم، كـە خـوای گـەورە زوڵمـی حـەڕام كـردووە، ئـەو هەڕەشانەی سەبارەت بـە ستەمكاران هـاتووە پيـاوی نادادگەريش دەگرێتەوە.

جـا، ئەوانـەی باسـكران چـەند مـافێكی ژن بـوو بەسەر پياوان، كە ئيسلام فەرمان دەكات ئەو مافانـە بــەبێ كەمتەرخــەمی جێبــەجێ بكــرێ، تــاوەكو ژيانێكی بەختەوەری ژن‌و مێردايەتی لەگەڵ يەكتری ببرێتە سەر.

كەواتـە هاوسـەری مسـوڵمان! گـەر دەتـەوێ سـۆزو هەســت‌و ســەرنجی خێزانەكــەت بــۆ لای خــۆت ڕابكێشی، ئەم مافانە جێبەجێ بكە.

مافی پیاو بەســەر ژنەکەی

دیارە پیاویش چەند مافێکی بەسەر ژنەکەی هەیە، کە دەبێ ئافرەتی مسولمان جێبەجێی بکات، گەر بیەوێ بەهەشتی خوای دەست کەوێ، چونکە بەهەشت بەرەزامەندی مێردەکەی بەندە،وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((إذا صلت المرأة خمسها وصامت شهرها

وحفظت فرجها وأطاعت زوجها قيل لها أدخلي الجنة من أي أبوابها شئتِ)) صحيح الجامع الصغير، ٦٦٠، واتە: گەر ژن پێنج نوێژەکانی ئەنجامداو مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بوو، داوێنی خۆی لە خراپە پاراستو گوێڕایەڵی مێردەکەی لە چاکە کرد، ئەوا پێی دەگوترێ: بڕۆ بۆ بەهەشت لە هەر دەرگایەکەوە کە ئارەزوو دەکەی. هەروەها دەفەرموێ: ((أيما امرأة ماتت وزوجها عنها راض دخلت الجنّة)) رواه الترمذي (صحيح)، واتە: هەر ژنێك بمرێو مێردەکەی لێی ڕازی بێ دەچێتە بەهەشت.

ئافرەتێك دەچێتە لای پێغەمبەری خوا بۆ هەندێ پێویستی، پێغەمبەری ﷺ پێی دەفەرموێ: مێردت هەیە ئەویش دەڵێ: بەڵێ، پێغەمبەر ئاگاداری دەکاتەوە، کە سەرپێچی نەکات، چونکە سەرپێچیکردنی ئاگرەو، گوێڕایەڵی کردنی بەهەشتی پێ دەست دەکەوێ، کە دەفەرموێ: ((فإنه جنّتكِ ونارُكِ))

رواه الترمذي وسنده صحيح. هەروا دەفەرموێ: ((إثنان لا تتجاوز صلاتهما رؤوسهما: "وامرأة عصت زوجها حتى ترجع")) رواه الطبراني والحاكم (جيد) واتە: دووكەس نوێژەكەیان لەسەریان زیاتر بەرز نابێتەوە, یەكێكیان ئافرەتێكە, كە سەرپێچی مێردەكەی دەكات لە چاكە دا, تا ئەو كاتەی دەگەڕێتەوەو پەشیمان دەبێتەوە.

مافەكانی پیاو بەسەر ژنەكەی ئەمانەن:

١- پێویستە لەسەر ئافرەتی مێرداری مسوڵمان گوێڕایەڵی مێردەكەی بكات لە هەموو شتێكدا گەر گوناهو تاوان نەبێ, چونكە گوێڕایەڵی دەبێ تەنها لە چاكەكاریدا بكرێت. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق)) رواه أحمد في

جـا ئەگـەر داوای فرێـدانی سـەرپۆش, یـان دەرخستنی ڕازاوەیی بۆ پیاوی بێگانەی لـێ بكات یان بیەوێ لەكاتی حەیزدا لەگەڵی جوت ببێ, یان لـەدواوەی بچێتە لای, نابێ گوێڕایەڵی بكات.وەك پێغەمبەر دەفـەرموێ: ((من أتى حائضاً, أو امرأةً في دبرها أو كاهناً فصدّقهُ بما يقول فقد كفر بما أنزل على محمد)) صحيح آداب الزفاف، ٣١، واتـە هـەر پیاوێك لەگەڵ ژنی حەیزداری جوت بێ یان بچێتە لای ژنەكـەی‌و لـە دواوەی جوتببێ, یان بچێتە لای فاڵچییەك‌و بڕوای پێ بكات, ئەوا باوەڕی بەوە نیە, كە بۆ پێغەمبەر هاتووە. هەروەها دەفەرموێ: ((ملعون من أتى امرأة في دبرها)) سنن أبي داود، ج٦, ص١٩٨، واتە: ئەو كەسە لە ڕەحمەتی خوا بێبەشە, كە لە دواوە دەچێتە لای ژنەكەی.

٢- پێویستە لەسەر ئافرەتی مێرداری مسوڵمان، شەرەف‌و ئابرووی مێردەکەی بپارێزێ‌و، پارێزگاری لە ماڵ‌و سامان‌و کەل‌و پەلی ناو ماڵ‌و، چاودێری منداڵەکانی بکات، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿...فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُ ...﴾(النساء- ٣٤)، واتە: ئافرەتی (صالحة) ئەوانەن، کە گوێ ڕایەڵی مێردەکانیان دەکەن، کاتێك مێردەکانیان لە لایان نابن، ئابروو ماڵ‌و منداڵیان دەپارێزن. پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: ((والمرأة راعية في بيت زوجها ومسؤولة عن رعيتها)) متفق عليه، واتە: ژن لە ماڵی مێردەکەی بەرپرسیارە، هەروا لە ماڵ‌و منداڵەکەشی بەرپرسیارە.

٣- پێویستە لەسەر ئافرەتی مێردار خۆی بۆ مێردەکەی جوان بکات‌و ڕوو بەخەندەو قسەخۆش بێت‌و گرژ نەبێت‌و ببێتە مایەی حەساندنەوەی

مێردەكەی‌و زمان درێژی لەسەر نەكات. هەروەها بەشێوەیەك خۆی نیشانی مێردەكەی نەدات, كە مێردەكەی حەزی پێ ناكات, چونكە پیاو حەز دەكات هەردەم خێزانەكەی خۆی بۆ جوان بكات‌و جل‌و بەرگی بۆ لەبەر بكات, كە خۆی حەزی پێ دەكات‌و چاوی پێ ڕون دەبێت, پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((خير النساءِ مَن تسرّك إذا أبصرت, وتطيعك إذا أمرت, وتحفظ غيبتك في نفسها ومالك)) أخرجه الطبراني من حديث عبدالله بن سلام (صحيح) صحيح الجامع الصغير، ٣٢٩٩، (واتە: باشترین ئافرەت ئەوەیە, كە تەماشات كرد دڵت خۆش بكات‌و بە قسەت بكات, كاتێكیش لە ماڵ نابێت, خۆی‌و داراییت دەپارێزی...) دیارە خۆ جوانكردن‌و بۆن خۆشی یەك لەو شتانەیە پیاو دڵی پێ خۆش دەبێت‌و خۆشەویستی بۆ زیاتر دەبێت, چونكە پیاووا هەست دەكات كە هاوسەرەكەی ڕێزی

دەگرێت‌و گرنگی پێ دەدات. ئیبن عەبباسیش دەڵێ: حەز دەکەم خۆم بۆ خێزانەکەم جوان بکەم، وەك حەز دەکەم ئەویش خۆی بۆم جوان بکات. بەڵام جێی داخە زۆر لە ئافرەتان ئەم مافە گرنگەیان فەرامۆش کردووەو بەشێوەیەك خۆیان نیشانی مێردەکانیان دەدەن بە جلێکی چێشتاوی‌و بە قژێکی ئاڵۆزاوی، کە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی مێردەکانیان. ئەوجۆرە ئافرەتانەوا ئەزانن لە خواترسان ئەوەیە، کە خۆی فەرامۆش بکات‌و جلی جوان‌و ڕازاوە بۆ مێردەکەی لەبەر نەکات‌و خۆی کزۆڵ بکات.

کەواتە ئافرەتی لە خواترس، دەبێ ئارەزووی مێردەکەی بێنێتە دی‌و خۆی بۆ جوان بکات‌و چاوی تێر بکات.

٤- پێویستە لەسەر ئافرەتی مێرددار هەر کاتێك مێردەکەی داوای سەرجێیی (جووت بوون)ی لێکرد،

یەكسەر بەدەم داواكەیەوە بچێت‌و سەرپێچی نەكات, با ئەو كاتەش كاتی نان كردن بێت, چونكە ئەمە كارێكی زۆر هەستیارەو دەبێ جێبەجێ بكرێت, ئەگینا ئافرەتەكە وەبەر خەشم‌و تورەیی خوای گەورەو لەعنەتی فریشتەكان دەكەوێت، وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((والذي نفسي بيده ما من رجل يدعو امرأته الى فراشه فتأبى عليه إلا كان الذي في السماء ساخطاً عليها حتّى يرضى عنها)) رواه البخاري ومسلم، واتە: سوێندم بەو كەسەی گیانمی بەدەستە, هەر پیاوێك داوا لە خێزانەكەی بكات بۆ سەرجێیی‌و خێزانەكەی قەدەغەی بكات‌و بەدەم داواكەیەوە نەچێت, ئەوا خوای گەورە لێی تورەیە, هەتا ئەو كاتەی مێردەكەی لێی ڕازی دەبێ.

. هەروەها دەفەرموێ: ((إذا دعا الرجل إمرأته الى فراشه فلم تأته فبات غضبان عليها لعنتها الملائكة حتى تصبح)) متفق عليه، واتە: گەر پیاو داوای لە ژنەكەی كرد بۆ سەر جێیی, خێزانەكەشی بەدەم

داواکەیەوە نەچێ و پیاوەکە لێی تووڕە بێ، ئەوا هەتا بەیانی فریشتەکان لەعنەتی لێ دەکەن، هەروا دەفەرموێ: ((إذا دعا الرجل زوجته لحاجته فلتأته وإن كانت على التنور)) رواه النسائي والترمذي (صحيح) صحيح الجامع الصغير، ٥٣٤، واتە: گەر پیاو داوای لە هاوسەرەکەی کرد بۆ جووت بوون، با هاوسەرەکەی بەدەمیەوە بچێت، ئەگەر لەسەر تەندوورو سێری نان کردن بێت.

کەواتە ئافرەتی صالحە ئەو ئافرەتەیە، خۆی لەم هەموو هەڕەشانە دەپارێزێت و مێردەکەی ڕازی دەکات و، ناهێڵێ مێردەکەی تووشی داوێن پیسی ببێت، یان تووشی ڕوانینی حەڕام بێت.

٥- مافی پیاو لەسەر ژنەکەی ئەوەیە بەبێ ئیزنی ئەو نەچێتە دەرەوە، گەر بۆ مزگەوتیش بێ. ئەوەتا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((...حقه عليها أن لا تخرج من بيتها إلا بأذنه...)) المجموع شرح المذهب، في

فقه الشافعية، ج١٥، ص٥٧٦، واتە: مافی پیاو لەسەر خێزانەکەی ئەوەیە بەبێ ئیزنی ئەو لە ماڵ نەچێتە دەرەوە.

هەروەها لە فەرموودەیەکی تر دەفەرموێ: ((ولا تخرج من بيتها إلا بإذنه فإن فعلت لعنتها ملائكة السّماء وملائكة الرحمة, وملائكة العذاب حتى ترجع...)) رواه الطبراني عن إبن عبّاس (حسن الأسرة) صديق حسن خان، ص١٠٥، واتە: ئافرەت بەبێ ئیزنی مێردەکەی نەچێتە دەرەوە, گەر چووە دەرەوە فریشتەکانی ئاسمان و فریشتەکانی ڕەحمەت و فریشتەکانی عەزاب لەعنەتی لێ دەکەن, تا ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە.

٦- مافی پیاو لەسەر ژنەکەی ئەوەیە بەبێ ئیزنی ئەو, کەسێك نەیەتە ماڵەکەی, کە خۆی حەزی پێ ناکات, عن أبي هريرة أن رسول الله قال: ((ولا تأذن في بيته

إلا بأذنه..)) أخرجه البخاري في صحيحة، ج٩، ص٢٩٥، واتە: حەڵاڵ نیە بەبێ ئیزنی مێردەکەی هیچ کەسێك بێتە ماڵەکەی.

کەواتە گەر پیاو حەزی نەدەکرد (فڵان) بێتە ماڵەکەی، با هاوسەرەکەی نەهێڵێ ئەو کەسە بێتە ماڵەکەی.

٧- پێویستە لەسەر ئافرەتی مێرددار بەبێ ئیزنی مێردەکەی ڕۆژووی سوننەت نەگرێ، گەر بەڕۆژوو بوو مێردەکەی بۆی هەیە پێی بشکێنێ، پێغەمبەر دەفەرموێ: ((لا يحلّ للمرأة أن تصوم وزوجها شاهد إلا بإذنه)) صحيح البخاري بشرح العسقلاني، ج٩، ص٤٩٣، لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێ: ((لا تصوم إمرأة وزوجها شاهد يوماً من غير رمضان إلا بإذنه)) سنن أبي داود، ج٧، ص١٤٧، جامع الترمذي، ج٣، ص٤٩٥، سنن إبن ماجة، ج١، ص٥٦٠.

بەڵام ئەگەر مێردەکەی چوو بۆ سەفەر ئەوا بۆی هەیە بەڕۆژوو ببێ، بەڵام بۆ ڕۆژووی فەرز (رمضان) ئیزنی مێرد پێویست نیە.

٨- ئافرەتی مێرددار نابێ بەبێ ئیزنی مێردەکەی, لە ماڵی مێردەکەی ببەخشێ و خەرج بکات، وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((ولا تنفق إمرأة شيئاً من بيت زوجها إلا بإذن زوجها, قيل: ولا الطعام؟ قال:"ذلك أفضل أموالنا")) حديث حسن صحيح إبن ماجة، ١٨٩٥. واتە: ژن لە ماڵی مێردەکەی نابێ هیچ شتێکی لێ ببەخشێ, مەگەر بە ئیزنی مێردەکەی نەبێت, گوتیان: خواردەمەنیش؟ فەرمووی: ئەمە باشترین ماڵمانە.

٩- گەر ئافرەت ماڵ و سامانی هەبوو یارمەتی مێردەکەی داو بۆ منداڵەکانی خەرج کرد, نابێ منەت لەسەر مێردەکەی بکات, منەت کردن سیفەتێکی زۆر

ناشرینەو دەبێتە هۆی لەدەست دانی پاداشت، خوای گەورەش بەچاوی ڕەحمەت تەماشای منەتکاران ناکات. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُبْطِلُوا۟ صَدَقَـٰتِكُم بِٱلْمَنِّ وَٱلْأَذَىٰ...﴾ (البقرة-٢٦٤)، واتە ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە خێرو صەدەقەکانتان بە منەتو گوتنەوەو بەڕوو دادان بەتاڵ مەکەنەوە. پێغەمبەریش ﷺ دەربارەی ئەوانەی چاکە لەگەڵ خەڵکی دەکەن و پاشان بەچاویان دادەنەوە دەفەرموێ: (ثلاثة لا يكلمهم الله يوم القيامة, ولا ينظر إليهم, ولا يزكيهم, ولهم عذاب أليم, قال: فقرأها رسول الله ﷺ ثلاث مرات, قال: أبو ذر خابوا وخسروا, من هم يا رسول الله؟ قال: المسبل, والمنان, والمنفق سلعته بالحلف الكاذب) رواه مسلم.

لەم فەرموودەیە دەردەكەوێ, كە منەت كەر یەك لەو كەسانەیە, كە خوا لە ڕۆژی قیامەت قسەیان لەگەڵ ناكات و تەماشایان ناكات و, پاكیان ناكاتەوەو سزای بە ئێشیان بۆ هەیە.

١٠- پێویستە لەسەر ئافرەتی مێرددار ئارام لەسەر هەژاری مێردەكەی بگرێ و، بە كەم ڕازی بێت و قەناعەت بكات بەوەندەی، كە هەیە, داوای شتێك لە مێردەكەی نەكات، كە لەسەرووی توانای دایە, خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿...سَيَجْعَلُ ٱللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا...﴾(الطلاق- ٧)، واتە: خوای گەورە دوای ناخۆشی و گرانی خۆشی بەدوادا دێنێ. دیارە قەناعەتیش گەنجینەیەكەو لەناو ناچێ (القناعة كنز لا يفنى).

١١- پێویستە لەسەر ئافرەتی مێرددار هەڵسێ بە چاك پەروەردەكردنی منداڵەكانی بە هێمنی و

لەسەرخۆیی‌و نەرم‌و نیانی‌و توڕە نەبوون لێیان‌و نەگوتنی قسەی ناشرین‌و جنێو نەدان‌و دوعای خراپ نەكردن بۆیان، چونكە بەم ڕەفتارانە ئازار بە دڵی مێردەكەی دەگات، پێغەمبەریش دەفەرمووێ: ((لا تؤذين إمرأة زوجها في الدنيا إلاّ قالت زوجته من حور عين: لا تؤذيه قاتلك الله فإنما هو دخيلٌ عندكِ يوشك أن يفارقك إلينا)) رواه الترمذي وحسنه وهو كما قال، ج٢، ص٣٢٠، رقم ١١٨٤.

واتە: لە دنیادا هەر ئافرەتێك ئازاری مێردەكەی بدات ئەوا ئەو حۆریەی، كە بە هاوسەر دانراوە بۆ ئەو پیاوە دەڵێ: ئازاری مەدە هەی خوا بتكوژێ، ئەو پیاوە لای تۆ ئەمانەتە، هێندەی نەماوە لە لات‌و بێتە لامان.

١٢- یەكێك لە مافی مێرد بەسەر هاوسەرەكەی ئەوەیە ڕێزی دایك‌و باوك‌و خزمەكانی بگرێ‌و ڕەفتاری لەگەڵیاندا جوان بێ، پیاویش بە هەمان شێوە ڕێزی

دایك‌و باوك‌و خزمەكانی خێزانەكەی بگرێ, چونكە ئەمەش مافە بەسەریەوە.

١٣- پێویستە لەسەر ئافرەتی مێرددار نهێنی یەكانی كاروباری مێردەكەی بپارێزێ‌و, لە لای هیچ كەسێك نەیدركێنێ, بە هیچ كلۆجێك باسی جوتبونی نێوانیان نەكات. گەر نهێنی یەكانی دركاند ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا دەبێتە خراپترین كەس لای خوای گەورە، وەك پێغەمبەر دەفەرموێ: ((إن من شرّ النّاس منزلة يوم القيامة الرجل يفضى إمرأته وتفضى إليه ثمّ ينشر سرّها)) رواه مسلم.

١٤- ئافرەتی مێرددار نابێ بەبێ هۆ بەبێ بەڵگە داوای تەڵاق لە مێردەكەی بكات, جا ئەگەر بەبێ هۆ داوای كرد, ئەوا بۆنی بەهەشتی لەسەر حەڕام دەبێت, وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((إيّما إمرأة سألت

زوجها الطلاق من غير بأس فحرامٌ عليها رائحة الجنّة))
رواه أحمد في المسند والترمذي (صحيح).

سەرچاوەكان

١- واجبات المرأة المسلمة في ضوء القرآن والسنة، إعداد وتصنيف الشيخ خالد عبدالرحمن العك، الطبعة الأولى ,١٩٩٨

٢- تحفة العروس، أو الزواج الإسلامي السعيد، محمود مهدي الأستانبولي، الطبعة الرابعة.

٣- المفصل في أحكام المرأة والبيت المسلم في الشريعة الإسلامية، د.عبدالكريم زيدان، الجزء السابع، الطبعة الثانية ,١٩٩٤

٤- رسائل الأفراح، الرسالة الثانية للنساء فقط، عبدالإلهه آل جار الله، الطبعة الأولى ١٩٩٢.

نوسینگەی تەفسیر

[illegible]

هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس

ت: 2518138

موبایل: 07504605122

www.al-tafseer.com

tafseeroffice@yahoo.com

بەرگ: ئەمین مخلص